گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# بە کوردیکردنی زاراوە یاساییەکان گرفت و چارەسەر

**پ. د.عبدالواحد مشیر دزەیی**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Abdulwahud.mahmood@su.edu.krd

**م. ئاوات احمد محمدصالح**

بەشی کوردی، کۆلێژی زمان، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

Awat.m.salih@su.edu.krd

**م.ی. خەبات هادی جەمیل**

بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە و زمان، زانکۆی لوبنانی فەرەنسی، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

xabat.jameel@lfu.edu.krd

## پوختە

زاراوە ئەو زانستەیە کە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان چەمکی زانستی و دەربڕینە زمانییەکان دەکات. ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (بەکوردیکردنی زاراوە یاساییەکان گرفت و چارەسەر) توێژینەوەیەکە تیشک دەخاتە سەر ئەوەی بەکوردیکردنی زاراوە گرنگییەکی نیشتیمانی و نەتەوایەتی هەیە و هەروەها رۆڵی گرنگی هەیە لە بەهێزکردنی پێگەی حکومەت و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی و زمانی یەکگرتوو، هەربۆیەش بە ئەرکێکی نیشتیمانی و نەتەوایەتی دادەنرێت.

ئامانج لەم توێژینەوەیە بەکوردیکردنی زاراوە یاساییەکانە لەگەڵ ئەو گرفتانەی دێتە رێگای و دواتریش باس لەو گرفتانە دەکات کە لە بەکوردیکردنی زاراوەکاندا دێتە رێگا. توێژینەوەکە گریمانەی ئەوەدەکات کە چەند گرفتێک هەیە لە دارشتنی زاراوەدا و توێژینەوەکە باس لە گرفتەکان و رێگاچارەی دارشتنیان دەکات.

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکدێت : بەشی یەکەم تایبەتە بە زاراوە و دارشتنی زاراوە بەشی دووەمیش تایبەتە بە

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**

وەرگرتن: ٢٠٢٢/٦/٥

پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٧/٨

بڵاو کردنەوە: بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان:**

Term, Terminology, Compounding, Derivation, Metaphor, Coinage, Calque, Law term.

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.13

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

دانانی زاراوەی یاسایی و گرفت و چارەسەر، ئەم سەردێرانە لەخۆدەگرێت : دانانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، بیروباوەڕە بنەڕەتییەکانی دانانی زاراوە، گرفتەکانی دانانی زاراوە، چارەسەری گرفتەکانی دانانی زاراوەی یاسایی. لەگەڵ ئەنجام و کورتەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

## پێشەکی:

### أ- ناونیشانی توێژینەوەکە:

ناونیشانی توێژینەوەکە بریتییە لە (بە کوردیکردنی زاراوە یاساییەکان گرفت و چارەسەر)

### ب- سنووری توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە لە سنووری زاراوەسازیدا باس لە بەکوردیکردنی زاراوە یاساییەکان دەکات.

### ج- ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە:

ئامانج لەم توێژینەوەیە بەکوردیکردنی زاراوە یاساییەکانە لەگەڵ ئەو گرفتانەی دێتە ڕێگای و دواتریش باس لەو گرفتانە دەکات کە لە بەکوردیکردنی زاراوەکاندا دێتە ڕێگا. گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە ڕێگاچارەی پێویست دەدۆزێتەوە بۆ زاڵبوون بەسەر گرفتەکانی داڕشتنی زاراوەی یاساییدا. گرنگییەکی تری توێژینەوەکە لەوەدایە تا ئێستا بە پاساوی ئەم گرفتانە زۆر زاراوەی یاسایی هەیە بەکوردی نەکراوە، ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ئاسانکردنی داڕشتنی زاراوەی پێویست بۆ دەقە یاساییەکان.

### د- گریمانەی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە گریمانەی ئەوەدەکات کە چەند گرفتێک هەیە لە داڕشتنی زاراوەدا و توێژینەوەکە باس لە گرفتەکان و ڕێگاچارەی داڕشتنیان دەکات.

### ه- پرسیاری توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە بەمەبەستی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە ئەنجام دەدرێت :

+ئایا وەک پێویست زاراوەی کوردی لە بواری یاساییدا بەدیدەکرێت ؟

+هۆکارەکانی سستی زاراوە لە بواری یاساییدا چین ؟

+ئایا گرفت بۆ داڕشتنی زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا هەیە؟

+کامە ڕێگا بۆ داڕشتنی زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا گونجاوە؟

+گرفتەکانی داڕشتنی زاراوەی یاسایی چۆن چارەسەردەکرێت ؟

**و- ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفی شیکاری ئەنجام دەدات.

**ک- ناوەرۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکدێت : بەشی یەکەم تایبەتە بە زاراوە و داڕشتنی زاراوە کە ئەم سەردێرانە لەخۆدەگرێت : زاراوە و زانستی زاراوەسازی، جیاوازی نێوان وشە و زاراوە، گرنگی زاراوەسازی، مەرجەکانی زاراوە و سنووری زاراوەسازی، مێژووی زاراوەسازی کوردی، زاراوە و تەقینەوەی زانیاری، تێڕوانینی گشتی و تایبەتی بۆ زاراوە، زاراوەساز و مەرجەکانی، بەشی دووەمیش تایبەتە بە دانانی زاراوەی یاسایی و گرفت و چارەسەر، ئەم سەردێرانە لەخۆدەگرێت : دانانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، بیروباوەڕە بنەڕەتییەکانی دانانی زاراوە، گرفتەکانی دانانی زاراوە، چارەسەری گرفتەکانی دانانی زاراوەی یاسایی.

## بەشی یەکەم : زاراوە و داڕشتنی زاراوە :

### ١- زاراوە و زانستی زاراوەسازی :

ئەو زانستەیە کە لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان چەمکی زانستی و دەربڕینە زمانییەکان دەکات، زاراوە لێکۆڵینەوەیە لە زاراوە و بەکارهێنانی، ڕێکەوتنی دەستەیەکە لەسەر دانانی زاراوەیەک بۆ چەمکێک، (فیلبەر): هێمایەکی زمانییە بۆ چەمکێک (Felber:1985:17) ، یان ئەو وشەیەیە بۆ واتا و چەمک و مەبەستێک دادەنرێت لە بوارێکی پسپۆڕیدا و لە فەرهەنگی گشتی زمانەکە وەردەگیرێن بۆ چەمکێکی دیاریکراو و لە بوارێکی تایبەتدا (سەعدوڵا:٢٠١٩: ٧)، یان وشەیەکە یان چەند وشەیەکە لە زمانی پسپۆڕی، جا زانستی بێت یان تەکنیکی کە دادەڕێژرێت، یان وەردەگیرێت، بەکاردێت بۆ گوزارشتێکی ورد لە چەمکێک وەک ئاماژەیەک بۆ شتێکی دیاریکراو، پسپۆرانی زاراوەسازی ئەوروپی

لەسەر ئەوە کۆکن کە زاراوە چەمکێکی تاکە یان وشەیەکی ناسادەیە واتاکەی روون و دیار و جێگیرکراوە، واتە گوزارشتێکی تایبەتە و واتایەکی تەسک و تایبەتی هەیە و لە دەوروبەر و سیستەمێکی تایبەت دووبارە دەبێتەوە (حجازی:١٩٩٣:12).

بنەماکانی زاراوە بریتین لە : (وشە، گواستنەوەی واتا، ڕێکەوتن) (سەعدوڵا:٢٠١٩: ٨)، واتە زاراوە وشەیە و واتاکەی دەگوازرێتەوە و دەستەیەک لەسەری ڕێکدەکەون، بەم پێیە زاراوە ڕێکەوتنی دەستەیەکی تایبەتە بۆ دانانی هێمایەک بە واتا و چەمکێکی دیاریکراو و لە بوارێک لە بوارەکان.

زانستی زاراوەسازی زانستێکی نوێیە و لقێکە لە زمانەوانی پراکتیکی، ئەم لقەی زمانەوانی باس لە بنەمای زانستی دانانی زاراوە و یەکخستنی دەکات، چونکە هەوڵەکانی دانانی زاراوە زۆربەیان تاکەکەسین و بە پێی پێوەری زانستی زمان و لۆجیک و تیۆری زانیاری و پسپۆری دیاریکراو (حجازی:١٩٩٣ :19) .

ئەم زانستە تا رادەیەک تازەیە لەچاو زانستەکانیتری زمانەوانی، وستەر (wuster) و شۆلمان (scholmann) بە زانا یەکەمەکانی دامەزرێنەری زانستی زاراوەسازی دادەنرێن و هەروەها هۆلمستورم (holmstorm) یەکەم کەس بوو زانستی زاراوەسازی لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و زانست و کەلتوور دامەزراند (القحطانی:٢٠٠٢ :50) .

## ٢- جیاوازی نێوان وشە و زاراوە :

وشە و زاراوە پەیوەندیان توندوتۆڵە بەیەکەوە، وشە واتایەکی رەسەنی هەیە و دواتر پسپۆری پەیدادەکات و دەبێتە زاراوە، جا هەر چەندە زاراوەش بچێتە ناو زمانی گشتی، بەڵام جیاوازیان هەر دەمێنێ، بۆ نموونە زاراوەی (ئەمپێر) هەر چەندە چۆتە ناو زمانی گشتی، بەڵام هەر بە زاراوەیی ماوەتەوە.

وشە: فۆڕم و واتا و دەوروبەری هەیە، واتە دەربڕینێکە لە فۆڕم و واتا پێکهاتووە، وشە واتاکەی بە پێی بەکارهێنان دەگۆڕێت، واتە فرەواتایە بە پێی ژینگەی بەکارهێنانی جا زمانی بێت یان کەلتووری بێت، هەربۆیەش لە فەرهەنگدا ژمارەی بەکارهێنانەکانی دیاریدەکرێت بۆ نموونە وشەی (چاو) بە چەند واتایەک دێت وەک : چاوی کامیرا . چاوی تەباخ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

زاراوە چەمکێکە لە بوارێکی زانستی دیاریکراودا، واتە: ناونان و چەمکە و گرنگترین تایبەتییەکانی ئەوەیە پەیوەستە بە بوارێک جا زانستی بێت یان تەکنیکی و کەلتووری بێت، چەمکەکەی سنووردار دەبێت بە پێی ئەو بوارەی بۆی دەگەڕێتەوە، چەمکی زاراوە ناگۆڕێت تەنها ئەو کاتە دەگۆڕێت بواری بەکارهێنانەکەی بگۆڕێت بۆ نموونە (چاو) لە رووەکناسیدا ئاماژەیە بۆ رووەکی (bourgeon) کە قەد و گەڵای هەیە، لە نێوان چەمک و زاراوە جیاوازی هەیە، چەمک بیرۆکە و وێنەیەکی زەینییە مرۆڤ بە درێژایی تەمەنی لە رێگای وەرگرتنی شارەزاییەوە بە شێوەیەکی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ وەریدەگرێت، بۆ نموونە چەمکی (نویژ) بەرامبەر وێنەی ئەو شارەزاییە دەوەستێت کە لە قۆناغەکانی ژیانی وەریگرتووە، جا قوتابخانە بێت یان خەڵک بێت، جا چەمک جەخت لەسەر وێنەی زەینی دەکاتەوە، بەڵام زاراوە جەخت لەسەر واتای دەربڕینەکە دەکاتەوە بۆ چەمکەکە، بەم پێیە هەموو چەمکێک زاراوەیە، بەڵام هەموو زاراوەیەک چەمک نییە. کەواتە چەمک زاراوە نییە، بەڵکو ناوەڕۆکی وشە و واتای زاراوەکەیە لە زەینی بەکارهێنەر ، بۆیە دەتوانین بڵێین زاراوە: واتای دەربڕاوی چەمکە.
http://www.alukah.net/web/khedr/0/51050/#ixzz4TI4YMAIA)

**3- گرنگی زاراوەسازی :**

(خەوارزمی) پێی وایە زاراوەسازی کلیلی زانستەکانە و شارەزابوون لە زاراوە نیوەی زانستە، چونکە زاراوە دەربڕینێکە گوزارشت لە چەمکێک دەکات، زانین کۆمەڵێک چەمکە بە شێوەیەکی سیستەماتیکی پەیوەستن بە یەکەوە، لەم رۆژگارەی ئێستاماندا زاراوەسازی بایەخێکی زۆری هەیە، چونکە بە کۆمەڵگای زانیاری و زانین ناودەبرێت، بەڕادەیەک (تۆڕی جیهانی زاراوەسازی (ڤییەنا) دروشمی (زانین بوونی نییە بەبێ زاراوە)ی بەرزکردۆتەوە، چونکە پرۆسەی بەرهەمهێنان و خزمەتگوزاری پشت بە زانین دەبەستێت بە تایبەتی زانینی زانستی و تەکنەلۆجیای زانیاری و گەیاندن، شۆڕشی تەکنەلۆجی هاوچەرخ لێکدانێکی لە نێوان جۆرەکانی زانین و تەکنەلۆجیای جۆراوجۆر دروستکرد، ئەمەش بووە هۆی لەدایکبوونی زانست و پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکی نوێ، لە بازاڕدا کەلوپەل و خزمەتگوزاری بنیاتنراو دەرکەوت لە ئاکامی گۆڕینی زانین بۆ بەرهەم و ناونرا کەلوپەل و خزمەتگوزاری زانین، تیۆرە ئابوورییە نوێیەکان پێیان وایە زانین هۆکارێکی ناوەوەیە و بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری لەسەر گەشەی ئابووری هەیە، بە پێچەوانەی تیۆرە کۆنەکان کە زانینیان بە هۆکارێکی دەرەکی دادەنا، جا چەند زانین لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا بڵاوبێتەوە ئەوا چالاکی و باری ئابووریان بەرزدەبێتەوە،

کەواتە دەتوانین بڵێین زمان دەفری زانینە و زاراوەش هەڵگری ناوەڕۆکی زانستییە لە زمان و ئامێری هەڵسوکەوتە لەگەڵ زانین و بنچینەی گەیاندنە لە کۆمەڵگای زانیاری (مراياتي:٢٠٠٤ :101).

## 4- مەرجەکانی زاراوە:

زاراوەی زانستی واباشە وشەیەک یان رۆنانێک بێت و درێژ نەبێت و مەرج نییە زاراوە ئاماژە بۆ هەموو چەمکەکە بکات کە ئاماژەی بۆ دەکات، بەڵکو ئەگەر ئاماژە بۆ یەک ئەدگاریشی بکات ئاساییە، گرنگترین تایبەتمەندی و مەرجەکانی زاراوە بریتیین لە: واتایەکی دیاریکراو و روونی هەبێت، چونکە روونی واتا روونی چەمک دەگەیەنێت (حجازي:١٣:١٩٩٣). زانایان لەسەر یەکێ لە واتا زانستییەکانی رێکبکەون. واتا نوێیەکەی دەبێت لە واتا بنچینەیەکەی جیاوازبێ، دەبێت پەیوەندییەک هەبێت لە نێوان واتا زمانی و نوێیەکەی (مطلوب:٢٠٠٢: 8).

## 5- سنووری زاراوەسازی:

زاراوەسازی زانستێکی هاوبەشە لە نێوان زمانەوانی و لۆجیک و بوون و زانین و نووسین و کێڵگەی پسپۆرە زانستییەکان، بۆیەش توێژەرە رووسەکان بە زانستی زانستەکان ناوی دەبەن، زانستی زاراوەسازی باس لە سێ لایەن دەکات بە شێوەیەکی بابەتی.(Felber:1984:84)

- زاراوەسازی لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان چەمکە تێکچرژاوەکان دەکات وەک: (پەیوەندی رەگەز، جۆر، گشت، بەش)، کە لە شێوەی وێنەی سیستەماتیکی چەمکی خۆی دەنوێنێت و دەبێتە بنچینەی دانانی زاراوەسازی پۆلینکراو، بەم پێیە زاراوەسازی لقێکی زانستی لۆجیک و بوونە.

- زانستی زاراوەسازی لە زاراوە زمانییەکان و پەیوەندی نێوانیان و شێوەی دانانیان و سیستەمی نواندنیان لە بنیاتی زانستێک لە زانستەکان دەکۆڵێتەوە، بەم پێیە زاراوەسازی لقێکە لە زانستی لێکسیکۆلۆجی (Lexicology) و زانستی گەشەی واتایی وشە سیمۆلۆجی(Semasiology) (القاسمي:٢٠٠٤ :3).

- لێکۆڵینەوە لەو رێگا گشتییانە دەکات، کە زمانێکی زانستی بێنێتەکایەوە دوور لە پراکتیزەکردنی زانستی لە زمانێکی سروشتی. بەم پێیە زانستی زاراوەسازی زانستێکی هاوبەش دەبێت و هەریەکەیان لە لایەنێکی دەکۆڵێتەوە، (فیستەر) لە کۆتایی ژیانیدا رایگەیاند زاراوەسازی ئەو زانستەیە کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

فەرمانڕەوایی سیستەمی فەرهەنگی تایبەت بە زانستێک لە زانستەکان دەکات و سیماکانی زانستی زاراوەسازی لە پێنج سیمادا خستەڕوو :

- لێکۆڵینەوە لە چەمک دەکات بۆ گەیشتن بەو زاراوانەی کە گوزارشتی لێدەکات.
- لەسەر رێبازی وەسفی کاردەکات.
- ئامانجی پلاندانانی زمانە و باوەڕی بە پێوانە و شێوە هەیە.
- زانستێکە لە نێو زمانەکان.
- بەزۆری پەیوەستە بە زمانی نووسراو (ساجر:1996: 170-183).

## 6- مێژووی زاراوەسازی زمانی کوردی:

هەوڵی پەرش و بڵاو هەبووە بۆ دانانی زاراوە، بۆ نموونە شێخ مارفی نۆدەیی کە بۆ (تلمیذ) (شاگرد)ی داناوە و گیوی موکریانی بۆ (بلدیە) (شارەوانی) داناوە، مامۆستا مەردۆخ بۆ (حریص) (رژد) ی داناوە و شێخ محەممەدی خاڵ بۆ (تحقیق) (پەیجور) ی بەکارهێناوە، مامۆستا تۆفیق وەهبی بۆ (مشتکی) (دادخواز) ی داناوە و مامۆستا قەناتی کوردۆ بۆ (حکم) (بەرەڤان) ی داناوە...هتد. (شێخ طیب:٢٠١٢: ١٢٥). بەم پێیە دەتوانین بڵێین مێژووی زاراوەی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم. جەمال نەبەز پێی وایە یەکەم هەوڵ بۆ دانانی زاراوەی زانستی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی 1952 -1953 و یەکەمین هەوڵ ئەو فەرهەنگۆکە زانستیانەیە کە بۆ پەرتوکەکان دانراوە (نەبەز:١٩٦٠: 18).

## 7- زاراوە و تەقینەوەی زانیاری:

ئەگەر وشەکانی هەر زمانێک چەند هەزارێک بن ئەوا چەمکەکانی بە ملیۆنەها هەژماردەکرێن. زانیاری زۆر بەخێرایی لە پەرەسەندندایە، لەم سەردەمەی ئێستا تێی دەژین سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکانە و رۆژانە بە لێشاو زانیاری نوێ دێتە مەیدانەوە، زانیاریەکانیش هەموو بابەتە مرۆڤایەتی و زانستەکانیتری گرتۆتەوە و ئەمەش لە ئەنجامی ئەو پێشکەوتنە تەکنەلۆجی و زانستیانەیە کە بەدەستهاتون، لەسەر زمانەوانان پێویستە شان بەشان و هەنگاوبەهەنگاو هاوتەریب لەگەڵ ئەم پێشکەوتنە برۆن، کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت و کەرەسەی چاپ یارمەتیدەری باشی ئەم هەنگاوانەمان دەبن.

زانیاری لە گەشەسەندن و پەرەسەندندایە و پێویستییەکی سەرەکی مرۆڤە و لە ڕێگای ئەم زانیاری و پێشکەوتنی زانستانەیە جیهان وەک گوندێکی لێهاتووە، هەڵقولانی زانیاری بەخێرا ئەرکێکی گەورە دەخاتە سەرشانی زمانەوانان بۆ دانان و داڕشتنی زاراوە بە خێرایی هەنگاو بنێن، چونکە کلیلی وەرگرتنی زانیاری زاراوەیە (باڵدار:١٩٨٦: 214).

دانانی زاراوە ئەرکی شارەزایانی زمانەوانی و لۆجیک و فەرهەنگ و پسپۆرەکانی بابەتە زانستییەکانە و پێویستە هەموویان بەیەکەوە ڕێوشوێنی دیاریکراو بگرنەبەر بۆ دروستکردنی زاراوەی گونجاو، بە پێی دەستووری زمان و لە بۆتەیەکی وادا دایبڕێژن، ببێتە مایەی سوودمەندی و پێشکەوتنی زانست و زانیاری و کارئاسانی بۆ خوێنەران.

### 8- تێڕوانینی گشتی و تایبەتی بۆ زاراوە:

زانستی زاراوە پێکهێنراوێکە گشت زانستەکان دەگرێتەوە و باس لە پەیوەندی نێوان چەمکە زانستییەکان و ئەو زاراوە زمانیانە دەکات کە واتاکە دەگەیەنن، لە زانستی زاراوەدا دوو جۆرە تێڕوانین بەرچاو دەکەوێت :

### أ- تێڕوانینی گشتی

(وستەر) بوارەکانی زانستی زاراوەسازی دیاریکردووە، کە تیۆری گشتین و تایبەت نین بە زمانێک وەک، سروشتی چەمکەکان و تایبەتمەندییەکانی و پەیوەندی نێوانیان و ڕێکخستنیان و وەسفکردنی چەمکەکان لە ڕێگای پێناسەکردن و ڕوونکردنەوە و سروشتی زاراوەکان و پێکهاتەکانیان و سەرەڕای ئەمانەش پەیوەندی نێوان هێماکان و شێوەکانی وشە و زاراوەکان سەرەڕای ئەمانەش هەرچی پەیوەندی هەبێت بە تۆمارکردنی زاراوەکان و ئامادەکردنی فەرهەنگ. (باڵدار:١٩٨٦: 216).

تێڕوانینی گشتی بۆ زاراوە باس لە چەمکی زاراوەکان و ئەو زاراوانەی کە لە بریان بەکاردێن دەکات، هەروەها ئەو یاسا گشتیانەش دەگرێتەوە کە زاراوەی پێ سازدەکرێت، جگە لەمەش باس لە کێشە و گیروگرفتەکانیش دەکرێت، کە گشت زمانان تیایدا هاوبەشن، بەم پێیە ئەم جۆرە تێڕوانینە باس لە چەمک و ئەو زاراوانە دەکات، کە لە بریان بەکاردەهێنرێن و دەستکەوتی لێکۆڵینەوەکانیشی وەک

بناغەیەک بەکاردەهێنرێن بۆ پێشخستن و پەرەپێدانی ئەو یاسا و دەستورانەی کە بە گوێرەی ئەوان زاراوەکان دادەنرێن (حجازی:١٩٩٣: 19).

ئەو بابەتانەی کە تێڕوانینی گشتی لێیان دەدوێت بریتیین لە : سروشتی چەمکەکان، پەیدابونیان، تایبەتمەندییەکانیان، پەیوەندی نێوانیان، پێناسەکردنی چەمک و دانانی زاراوەی گونجاو بۆی، سروشتی پەیوەندی نێوان چەمک و مەبەست و سروشتی زاراوە و چۆنییەتی سازکردنی.

### ب- تێڕوانینی تایبەتی:

گرنگی دەدات بە لێکۆڵینەوە لە یاساکانی تایبەت بە زاراوە لە زمانێکدا وەک زمانی کوردی، هەروەها باس لە لێکۆڵینەوە لە زاراوەی زانستی ناو یەک پسپۆری دەکات و هەروەها باس لەو دەستورانە دەکات کە لە بوارێکی تایبەتدا کاری لەسەردەکرێت وەک: بواری پەروەردە و فێرکردن یان دەروونناسی یان کیمیا و فیزیا...هتد. بەهەمان شێوە باس لە گیروگرفتی هەمان بواری تایبەت دەکات(حجازی:١٩٩٣ :20).

### 9- زاراوەساز و مەرجەکانی:

دانانی زاراوە ئەرکێکی هونەری و نەتەوایەتی و زانستیە. ئەوەی ئەرکی دارِشتنی زاراوە دەبینێت، پێویستە کەسانی پسپۆربن شارەزاییەکی باشی زمانەوانی و زمانانی تریان هەبێت، بۆیە هەموو کەسێک ناتوانێت ببێت بە زاراوەساز، هەربۆیەش زاراوەساز پێویستی بە چەند مەرجێکە :

+ دەبێت کەسانی پسپۆر و شارەزابن لە بوارێک لە بوارەکان وەک: زمانەوانی، پزیشکی، ئەندازیاری، کشتوکاڵ ...هتد.

+ دانەر و سازکەری زاراوە دەبێت شارەزاییەکی باشی لە زمانی کوردیدا هەبێت.

+ جگە لە زمانی کوردی دەبێت شارەزایی لە دەستوور و رێزمانی زمانی تر هەبێت (بەسیر:١٩٧٩: 43)،

ئەو مەرجانەی سەرەوە زۆر بە دەگمەن لە کەسێکدا کۆدەبێتەوە هەر بۆیە وا باشە ئەم بابەتە بدرێتە دەست لێژنەیەکی تایبەت تا بتوانرێت هەموو پسپۆران و شارەزایان کۆببنەوە و بە یارمەتی هەمووان زاراوەیەکی دروست و گونجاو دابڕێژرێت، بە پێچەوانەی ئەوەی کە دەبینرێت کە زۆربەیان بەرهەمی تاکە کەسێکە نەک دەستەی تایبەت بە زاراوەسازی.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## بەشی دووەم : دانانی زاراوەی یاسایی و گرفت و چارەسەر :

### ١-دانانی زاراوە لە زمانی کوردیدا:

زمانی کوردی زیاتر زمانێکی رۆنانییە و دەتوانین بە لێکدان یان داڕشتن و داتاشین هەزارەها وشەی نوێ دروست بکەین، ئەمەش رێگاخۆشکەرە بۆ ئەوەی بە سانایی بتوانین زاراوەی پێویست دابرێژین، داڕشتنی زاراوە لە زمانی کوردیدا بە دوو رێگای سەرەکی ئەنجام دەدرێت :

**أ-سازدانی زاراوە :**

دانان و داڕشتنی زاراوەیە بە پێی یاسا مۆرفۆلۆجییەکانی زمان، لەناو زمانەکە خۆی بە پێی ئەم رێبازانەی خوارەوە:

**+لێکدان** (Compounding) :

مەبەستمان لە لێکدان بەستنەوە و لێکدانی دوو وشەی سەربەخۆ و واتادارە لەگەڵ زیادەیەك بۆ دروستکردنی وشەیەکی نوێ و واتایەکی جیاواز (بەسیر:١٩٧٩: ٦٢) وەک : دادنووس، سروشتەگاز، وشکەشێواز، ئاڵوگۆڕکردن، پیلانگێڕ، رێڕەو، دەست و برد، گفتوگۆ، پێشنیاز، بەرتەک، قرەقڕ، گەلکاری، یەکتەنی، ...هتد.

**+داڕشتن** (Derlvation) :

لەم رێبازەدا لە وشەیەک وشەیەکی نوێتر دادەڕێژرێت لە رێگای لکاندنی پاشگر وەیا پێشگر وەیا هەردوکیانە (بەسیر:١٩٧٩: ٧٠) وەک: بکوژ، کرێچی، کرێدەر، دادوەر، دادگا، تێهەڵچوونەوە، پێداچوونەوە، سەرپێچی، داواکار، داوالێکراو، دانپێدانان، سکاڵاکار، ئاگادارکردنەوە، هۆشیارکردنەوە، پەیامداری، ماڵداری، دزێتی، منداڵی، کورێنە...هتد.

**+میتافۆڕ** (Metaphor) :

ئەو وشەیەی کە واتایەکی تایبەتی هەیە و بۆ واتایەکی تر بەکاربێت و جیا بێت لە واتا بنەڕەتییەکەی ئەوا دەبێتە میتافۆڕ، بەڵام بەو مەرجەی پەیوەندییەک هەبێت لەنێوان هەردوو واتا کۆن و نوێیەکەیدا بەو واتایەی یان لە شێوە یان لە ئەرک لەیەک بچن. بۆ نموونە وشەی (بروسکە (تەلەگراف)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(Telegraph) لە بروسکەی هەورەتریشقە وەرگیراوە، ئەو پەیوەندییەی نێوان واتا کۆن و نوێییەکە بریتییە لە (خێرایی) (باڵدار:١٩٨٦ :٢١٩).

**+داتاشین (Coinage) و بێژە یەکەمەکان Coining of words :**

بریتییە لە کورتکردنەوە و لێکرتاندنی بەشێکی ئەو وشانەی کە لێکدەدرێن بۆ ئاسانی و سوکدەربڕین، بێ ئەوەی لەواتای وشە لێکدراوەکان دورکەوێتەوە، بۆ نموونە وشەی (دەستاڕ) داتاشراوە، لە بنچینەدا ( دەست + هاڕ) بووە. (هـ) کرتاوە بۆ سووک دەربڕین. لە زمانی کوردیدا نموونەی ترمان زۆرە وەک : کانیاو، گوڵاو، کۆزمانەوانی، زانکۆ، دەستگیڕ، کاژێر، چەندین نموونەی تر وەک: زەوی وشکانی: (برمائی)، کاشوێن: (time-space)، کاتژمێر: (clock)، کاژێر: (hour)، خۆجوولە(auto matism) ، خەورەوی:(somnambulism) ، ڕوومژی:(adsorption). جگە لەمەش وەرگرتنی وشە یەکەمەکان و لێکدانیان شێوەیەکیتری داتاشینە بۆ نموونە زاراوەی (رادار) (RADAR) لە زمانی ئینگلیزیدا پیتی یەکەمی وشەکانی ئەم رستەیە وەرگیراوە Radio Detecting And Ranging (دیاکۆ هاشمی: 2013 :8) هەروەها یۆنسکۆ کورتکراوەی (united nations edu cational) (باڵدار:١٩٨٦ :٢١٩).

**+بە فرێزکردن:**

پێکدێت لە (دیارخراو +(ی/ە) + دیارخەر)، واتە بە یارمەتی ئامرازی خستنەسەر دروست دەبێت وەک: گوڵی سوور، گوڵی خوێناوی، ڕێبازی ئەدەبی، کەندی گۆمان، ماڵی سپی، ڕۆژی رەش، خاچی سوور، وشکەساڵی،...هتد. لە بواری یاساییشدا زاراوەی : (فەرمانی گرتن، بەڵگەنامەی سەرەکی، دادگەی شارستانی، زێدە باج، مانگرتنی گشتی، چەوساندنەوەی رەگەزی، بەردانی کاتی، روانینەوەی داوا، موڵکی کەسانیتر، دانپێدانانی درۆ، تەڵاقی نارەوا، باوەڕپێکردنی بانک، بڕیاری جێبەجێکردن، ئاگاداری فەرمی، داوای شارستانی، داوای سزا، بڕیاری بنبڕ، کێشانەوەی متمانە، ...هتد.

**ب-وەرگێران لە زمانی بێگانە:**

لە زاراوەداناندا زۆرجار ناچار دەبین واتای زاراوەیەکی بێگانە بە کوردی دەربڕین و وەری بگێڕینە سەر زمانی کوردی، بەڵام سەرەتا پێویستە بزانین زاراوە بێگانەکە بۆ کام واتا بەکارهاتووە، چونکە دەبێت

واتای زاراوەکە بە پێی مەبەست و بابەتی بەکارهێنراو وەربگێڕدرێت یان زاراوەیەکی بەرامبەری بۆ بدۆزینەوە (باڵدار:١٩٨٦: 220)، ڕێبازی وەرگێڕان بە چەند شێوەیەک دەکرێت وەک :

**+وەرگێڕانی وشە بە وشە :**

لەم ڕێبازەدا زاراوەکان وەردەگێڕدرێنە سەر زمانی کوردی، هەندێ جار وەرگێڕانەکە وشە بە وشە دەکرێت وەک : ماڵپەڕ: (homepage) ، ئاگرە دیوار: (firewall) ، ئەسپی دەریا :( sea horse) ، دارنان:(bread tree) ، هەڵبژاردنی سروشتی (natural-selection) (دیاکۆ هاشمی:2013 :5) لە وەرگێڕاندا دەبێت شارەزاییەکی باشی زمانی سەرچاوە بین، چونکە لە زمانێکی وەک ئینگلیزی ئەگەر وشە بەیەکەوەبێت واتایەکی هەیە و بەجیاش واتایەکیتر وەک : ڕیشۆڵە: blackbird، مەلی ڕەش : black bird، لە بواری یاساییدا نموونەمان زۆرە وەک : (بەتاڵکردنەوەی گرێبەست: ابطال العقد)، (دوورخستنەوەی بێگانە: ابعاد اجانب)، (یەکێتی کرێکاران: اتحاد العمال)، (خۆپیشاندان: المظاهرة) (ڕێکەوتن بۆ تاوان: اتفاق جنائی)، (کۆبوونەوە: اجتماع) ، (نارەزایی: Protest )شاردنەوەی بەڵگەکان : اخفاء الادلة)، (کۆلۆنیال:Colonial).

**+وەرگێڕانی دەنگی** (Translitration) **(خۆماڵیکردن) :**

لەم ڕێبازەدا وشەیەک کە لە زمانێکی ترەوە وەردەگیرێ بێ ئەوەی بکرێتە کوردی تەنها بە ڕێنووسی زمانی کوردی دەنووسرێتەوە و خۆماڵی دەکرێت بە فۆنەتیکی کوردی بە سووک و ئاسانی دەردەبڕدرێت وەک : پینگ پونگ (ping pong) نایترۆجین (nitrogen) فەلسەفە (philosophy) (دیاکۆ هاشمی:2013 :3) نموونەکانی بواری یاسایی بریتین لە : (تۆمەت : تهمة)، (شایەت: شاهد)، (ئیسپات: اثبات)، (وەسیەت: وصية)، (دیکۆمێنت: documents)، (میرات: میراث)، (تیرۆریزم: Terrorism) شکات: شکوی)، (هەق: حق)، (قەرز: قرض)، (ئۆفیس: office)، (سۆشیالزم: Socialism)...هتد.

**ج-پێوانەکردن (زرە ڕێژ)** (calque) **:**

لەم ڕێبازەدا زاراوەسازان و زمانەوانان لە ژێر ڕۆشنایی وشەی تر زاراوە دادەنێن ئەمەش بە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی گەلان گەلێ زاراوەی نوێ بەرهەم هاتووە بۆ نموونە لەسەر پێوانەی (هەڵماتێن)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و زاراوەی (سابونێن)یان بەکارهێنا کە بەرامبەر (saponification) دەوەستێت لە زمانی ئینگلیزیدا هەروەها لەسەر پێوانەی پاشگری (زانی) (logy) زاراوەی زەوی زانی (geology) دانرا. چەندین نموونەی تریش وەک : ئەستێرەزان : Astrologist ، ئەستێرەزانی : Astrology .... هتد.

**2- بیرو باوەرە بنەرەتییەکانی دانانی زاراوە:**

لە مانگی شوباتی ساڵی (1981) لە شاری (ربات) ی پایتەختی مەغریب لە لایەن شارەزایانی وڵاتە عەرەبییەکانەوە کۆڕێک سازدرا بەناوی (یەکپێگرتنی رێبازەکان بۆ دانانی زاراوە نوێیە زانستییەکان، چەند پێشنیازێکیان کرد گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوە بوون :

+پێویستە گونجانێک هەبێت لە نێوان واتای زمانی واتای زانستی زاراوەکە.

+دەبێت هەر واتایەکی زانستی سەربە یەک کێڵگەی واتایی، تەنیا یەک زاراوەی بۆ دابنرێت.

+دوورکەوتنەوە لەو زاراوانەی کە لە یەک کێڵگەدا جۆرەها واتا دەبەخشن.

+ئەو زاراوانەی کە ئاخاوتنی تایبەتیان هەیە دەبێت پەسندتربێت لامان لەوانەی کە ئاخاوتنیان چۆنیەکە لەگەڵ زاراوەی تر.

+دەبێت سوود لە فۆلکلۆر وەربگرین بۆ ئەو وشانەی کە بە کەڵکی زاراوە دێن.

+لە هەڵبژاردنی زاراوەدا ئەو رێبازە زانستیانە پیادە بکەین کە ئێستا باون وەک:

-زاراوە زانستییەکان نزیک بکەینەوە لەو زاراوانەی کە بە شێوەی جیهانی بەکاردێن تاکو بەراوردکردنیان ئاسان بێت.

-بۆ جیاکردنەوە و پۆلێنکردنی زاراوەکان سیستەمی دەیی جیهانی بەکاربێنین.

-پێویستە واتاکان بەتەواوی روونبکرێنەوە و سنووریان بۆ دابنرێت و ئینجا زاراوەیان بۆ دابنرێت.

-دەبێ پسپۆرەکان و بەکارهێنەرانی زاراوەکان هەردوولایان هاوبەشی بکەن لە دانانی زاراوەدا.

-دەبێ توێژینەوە بەردەوام بێت بۆ ساناکردنی راگەیاندن لە نێوان دانەرانی زاراوە و بەکارهێنەرانیدا.

+لە سازکردنی زاراوە نوێیەکاندا وا باشە لە رێی شێوازە زمانییەکانەوە بۆی بچین، سەرەتا لە کەلەپورەوە بۆی بگەرێین ئینجا رووبکەینە دارشتن و لێکدان و داتاشین.

+ئەو وشانەی کە رەسەن و پەتی و باون پەسندترن لەوانەی کە خۆماڵی دەکرێن.

+دوور کەوتنەوە لە وشەی رەشۆکی و نابووت و تابۆ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

+وشەیەک واتایەکی وردی هەبێت پەسندترە لەو وشەیەی کە واتایەکی گشتی هەبێت.
+ئەو وشانەی کە وشەی تریان لێوەردەگیرێت بۆ گەردانکردن پەسنترن لەو وشانەی بۆ گەردانکردن ناشێن.
+وشەی تەنیا پەسنتربێت، چونکە بۆ داتاشین و خستنەسەر و کۆ و ...هتد دەست دەدات.
+ئەو وشانەی باوە و ناسراوە ئەگەر واتا ڕۆیشتووەکەی لەگەڵ واتا زانستییەکەیدا سەرلێشێواندن پەیدا ناکات پەسنترە لەو وشەیەی کە نەناسراوە.
+لەو بێژانەی کە هاوواتان ئەو وشەیە پەسندتربێت کە ڕەگەکەی ڕوونترە و واتا بنجییەکە دەگەیەنێت.
+ئەگەر هەندێک وشەی هاوواتا هەبن و واتاکانیان لێک نزیک بن پێویستە باش ڕوونبکرێنەوە و هەر یەکەیان بۆ جۆرە واتایەکی زانستی بێت و هەریەک لە واتاکان وشەی بەرامبەری خۆی بۆ هەڵبژێردرێت.
+ئەو زاراوە واتا بەخشە زانستیانەی کە شارەزا و پسپۆڕەکان بۆ کاروباری تایبەتی خۆیان دایانناوە یان وەرگێڕدراون یان خۆماڵیکراون شایەنی پەیڕەوکردنن (باڵدار: 228:1986).

### 3- گرفتەکانی دانانی زاراوە:

لە زمانی کوردیدا زاراوە گرفتی زۆری هەیە، بەڵام قەت لەگەڵ ئەوەدانیم کە پێداچوونەوە بۆ زاراوە ڕۆیشتووەکان بکرێت، لەسەر بنچینەی زمانێکی تری سەرچاوە یان مەزاج، چونکە زمان و بەکارهێنەران خۆی تەتڵەی زاراوەکان دەکات ئەوەی گونجاو بێت دەڕوات و ئەوەی نەگونجاویش بێت ئەوا سست دەبێت و دەمرێت جا هەر چەندە لە قۆناغێکیشدا بیسەپێنین وەک نموونەی زاراوەی (ئەسپە ئاسنین) بۆ (پایسکل)، کەواتە لە زمانی کوردیدا هەر گرفتی زمانیمان نییە لە دارشتن و دانانی زاراوەدا، بەڵکو گرفتی بیرکردنەوەشمان هەیە.
گرنگترین گرفتەکانی دانانی زاراوە لە زمانی کوردیدا ئەمانەی خوارەوەن :

### 1- نەبوونی زمانی ستاندەرد :

فرەزار و نەبوونی زمانی ستاندەردی کوردی گرفتێکە بۆ زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، چونکە نەبوونی زمانی ستاندەرد دیاردەی هاوواتایی لە زاراوەدا دێنێتە ئاراوە و بەمەش زیاتر زمانەکە لەیەکتر دەترازێنێت، بۆ نموونە بوونی دوو زاراوەی (تەندروستی) و (ساخلەمی) بۆ (صحة) ی عەرەبی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(محەمەد وەسمان:52:2004) ئەركێكی قورس دەخاتە سەر زمانی كوردی، یەكخستنی زاراوەش هەنگاوێكی گرنگە بۆ دروستبوونی زمانی ستاندەری كوردی.

## 2- دیاردەی هاوواتا :

هاوواتا بوونی یەک واتایە بە چەند فۆڕمێكی جیاواز كە یەكێكە لە گرفتەكانی دانانی زاراوە لە زمانەكاندا (الدیداوي،محمد:121:2005) و زمانی كوردیش یەک لەو زمانانەیە، هەر چەندە هاوواتای بەواتای وەک یەكی كتومت بوونی نییە هەروەک (ئەلیزلیمان Alise Lehmann) بێ مانایە باس لە هاوواتای تەواو بكەین (Lehmann, Alise et Martin-Berthet François:1993:54) هەروەک نووسەری فەڕەنسی (دومارسی Dumarsais) جەخت دەكاتەوە و دەڵێت ئەگەر هەبێ ئەوا دەبێ دان بەوەدا بنێین كە لەناو زمان زمانێكیتر هەیە، بەم پێیە دوو وشە یا زیاتر هاوواتا نابن چونكە:

+وشەیەک لە وشەكەی تر گشتیترە.
+وشەیەک لە وشەكەی تر نوێترە و باوترە.
+وشەیەک لە وشەیەكیتر هەستیارترە.
+وشەیەک لە وشەیەكیتر بەرێزترە.
+وشەیەک لە وشەیەكیتر تایبەتیترە.
+وشەیەک لە وشەیەكیتر ئەدەبیترە.
+وشەیەک لە وشەیەكیتر میلیترە (الدیداوي،محمد:122:2005)

هەر بۆیە هاوواتا جۆرە تەمومژێک دەخاتە سەر تێگەیشتن لە واتای مەبەست، چونكە بوونی زاراوەی جیاواز بۆ یەک واتا گومان دروست دەكات بۆ واتای مەبەست و لە وردێتی و روونی دووری دەخاتەوە، كە پێچەوانەی ئامانجی زانستی زاراوەسازییە، هەر چەندە هاوواتا بەسەرچاوەی دەوڵەمەندی زمان دادەنرێت، بەڵام لە بواری زاراوەسازیدا گرفت دروست دەكات. بۆ نموونە: (سەرۆک خێزان: بەرپرسی خێزان)، (هەتیو: بێ باوک)، ( پیشاندان: دەرخستن)، (پێكهاتن: رێككەوتن)، (بەتاڵكردنەوە: پوچەڵكردنەوە)، (پێكگەیشتن: پەیوەندی پێوەكردن)، (تۆمەت دانەپاڵ: تۆمەتپێكردن).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3- فرەسەرچاوەیی زاراوە :**

سەرچاوەی وەرگرتنی زاراوە دوو زمانی سەرەکین کە زمانی ئینگلیزی و زمانی عەرەبییە، هەندێجاریش تورکی و فارسی و ئەڵمانی و فەڕەنسییە، بەشی زۆریشی لە زمانی عەرەبیەوە وەردەگرین و ئەوانیش لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریانگرتووە، ئەمەش وادەکات دوو زاراوە یان زیاتر بێتە ناو بواری زمان بۆ نموونە هاتنە کایەی زاراوەی (خواردنگە، مەتعەم، رێستۆرانت، لۆقنتە) بەرهەمی فرە سەرچاوەیی زاراوەیە کە بۆتە هۆی بارگرانی لەسەر یەکگرتوویی زاراوەی زمانی کوردی.

**4- جووتەزایی زاراوە لە زمانی سەرچاوە:**

زمانی ئینگلیزی بەریتانی و ئەمریکی کانگەی زۆربەی سەرچاوەکانن، رێکنەکەوتنی ئەم دوو وڵاتەش لەسەر زاراوەیەک وا دەکات لە زمانی سەرچاوەدا دوو زاراوەی هاوواتا هەبن، بۆ نموونە زاراوەی ئەمریکی (Electronic tube) و زاراوەی بەریتانی (Electronic vale) یەک چەمکیان هەیە، بەڵام کاتێک لە زمانی کوردیدا زاراوەیەکی بۆ دابنێین نازانین کامەی وەرگێڕین، بۆیەش دوو زاراوەمان لە زمانی کوردیش دەبێت (بۆڕی ئەلەکترۆنی)، (پەیلەی ئەلەکترۆنی)، ئەمەش لەڕاستیدا سەرلێشێوان دروست دەکات لای خوێنەر .

**5- هاوبێژی و فرەواتایی:**

هاوبێژی بوونی فۆڕمێکە بە چەند واتایەکی جیاواز وەک وشەی تاڵ :
تاڵ : وەک تام (تفت و تاڵ).
تاڵ : واتا دانەی قژ (تاڵە قژ).
فرەواتا بە هەمان شێوە چەند واتاییە بەڵام واتاکانیان لەیەک نزیکن وەک :
رۆژ : رۆژەکانی هەفتە (یوم)
رۆژ : خۆر (الشمس)
رۆژ : رۆژ پێچەوانەی شەو (نهار)

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئاشکرایە هاوبێژی و فرە واتایی تەمومژ دروست دەکات و ئەم تەمومژییەش قورسایی دەخاتە سەر زمان و گرفت بۆ تێگەیشتن دروست دەکات. فرەواتا و هاوبێژی لەیەک جیاوازن واتاکانی فرەواتا لەیەکتر نزیکترن، بەڵام واتاکانی هاوبێژی لەیەکتر دوورترن (دزەیی:129:2014 ) .

لە زمانێکی وەک عەرەبی وشەی (العین) هاوبێژە و چەندین واتای جیاوازی هەیە، لە کاتی وەرگێڕاندا دەبێت ئاگاداری واتاکانی بین وەک :

العين : چاو

العين : کانی

العين : چاوساغ

العين : مرۆڤ

العين: خەڵکی ناوچە

العين: خاوەن ماڵ (باڵدار:221:1986)

**6- زۆری دانەری زاراوە:**

لە زمانی کوردیدا و زمانانیتر دانەرانی زاراوە زۆرن، بۆ نموونە وەرگێڕەکان و زمانەوانەکان و دەزگاکانی راگەیاندن و ... هتد. ئەو زاراوانەی کە لە بواری زمانەوانی لە سنووری سلێمانی و هەولێردا دادەنرێن جیاوازن و هەریەکەیان لە سنووری شارەکەی تێپەڕ ناکات بەمەش ئەرک دەخاتە سەر خوێنەر بۆ نموونە زاراوەی (دروستە) بۆ (فرێز) لە سنووری سلێمانی بەکاردێت و لە سنووری هەولێر (گرێ) بەکاردێت و چەندین نامەی ئەکادیمی بەم زاراوانە نووسراوە وادەکات هاوواتایی زاراوە زۆر بێت و وەرگێڕی زمانی نازانێت کامە زاراوە بەکاربێنێت و کامەی گونجاوترە. هەڵوەشاندنەوەی زاراوەی رۆیشتوو ئەگەر کەموکوڕیشی هەبێت زۆر ترسناکە و وامان لێدەکات لە بازنەیەکدا بخولێینەوە و نەگەینە ئامانج.

**7- ناچالاکی دەزگا فەرمییەکان:**

دانانی زاراوەی یەکگرتوو یەکێکە لە کارە سەرەکی و پێشینەکانی ئەکادیمیای کوردی، هەرچەندە لێژنەی دانانی زاراوە هەیە، بەڵام چالاک نین وەیا دەتوانین بڵێین ئیفلیج کراوە و دەسەڵاتی سەپاندنی زاراوەی نییە بەسەر دەزگاکانی راگەیاندن و نووسەران هەروەک ئەم دەزگایە، تا ئێستا نەیتوانیووە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بناغەی زمانی یەکگرتوو دابنێت، ئەمەش هۆکارێکە بۆ لاوازبوونی زمانی کوردی و دابەشبوونی، ئاشکرایە ناتەبایی سیاسی لاوازبوونی هەستی نەتەوایەتی دێنێتە ئاراوە و لاوازبوونی هەستی نەتەوایەتیش لاوازبوونی زمان دێنێتە ئاراوە.

چالاک بوونی ئەکادیمیای کوردی یارمەتیدەر دەبێت بۆ دانانی زاراوەی گونجاو و چەسپاندن و بڵاوبوونەوەی، چونکە ئەو دۆخەی کە زاراوەی کوردی تێدایە زۆر مەترسیدارە، چونکە وادەکات خوێنەرەکان ببنە دووبەش و سێبەشەوە بەمەش پچڕانی خوێنەر دروستدەکات کە خۆمان لە بنچینەدا کێشەی کەمی خوێنەرمان هەیە، لە راستیدا ئەگەر دەزگایەکی سەربەخۆی دانانی زاراوە هەبێت وەیا لە کۆڕی زانیاری لیژنەی دانانی زاراوە چالاک بکرێت ئەوا بە ئاسانی دەتوانرێت زاراوە رۆیشتووەکان بچەسپێنن، بۆ نموونە دەزگاکانی راگەیاندن ناچاربکرێت ئەو زاراوانە بەکاربێنن یان کە پەرتووکێک ژمارەی سپاردن وەردەگرێت لیژنەیەک هەبێت پشکنین بۆ زاراوەکان بکات بەهەمان شێوە پەرتووکی قوتابخانەکان.

**8- وەرگرتنی زاراوە لە دەستی دوو :**

ئەو زاراوانەی کە سەرچاوەکەی دەستی دووەمە گرفتمان بۆ دروست دەکات، ئەگەر هات و جارێکی تر لە دەستی یەکەمەوە زاراوەی لێ وەرگیرا، بۆ نموونە ئێمە زاراوەی (خواردنگە)مان لە وەرگێڕان زمانی عەرەبی وەرگرتووە، لەم دواییەدا زاراوەی (رێستۆرانت) یش هاتە مەیدان، ئێستا ئەوەی کەم بەکاربێت هەر (خواردنگە) و (خواردنگا) یەکەیە، ئەمەش لەبەر تابۆبوونی و نزیکی لە (گا) کە پاشگری شوێنە و دوو واتای تریشی هەیە یەکیان (گاجووت) ە و ئەوەی تر (سێکسییە). کەواتە ئێمە لێرەدا بوینە خاوەنی سێ زاراوە و زاراوە کوردییەکە لە هەموویان ناچالاک ترە هەر (مەتعەم) چالاکترە:

**9- ناچالاکی پاشگرەکان:**

دارشتن رێبازێکی گرنگی دانانی زاراوەیە لە زمانی کوردیدا، بەڵام بەهۆی ناچالاکی و تابۆبوونی هەندێ لەو پاشگرانە چالاکی دارشتنی وشە و زاراوە لە زمانی کوردیدا کەمدەکاتەوە ئەو پاشگرانەش بە پلەی یەکەم بریتیین لە (کەر، دان، گا) بەشداری لە داڕشتنی هەر زاراوەیەک کردبێت نەڕۆیشتووە بۆ نموونە زاراوەی (یاریکەر) لە بری (لاعیب) تاماوەیەک بەکارهات، بەڵام دوای ئەوەی بووە توانج لە نێو کۆمەڵگا بیریان لە زاراوەی (یاریزان) کردەوە کە ئێستا بەکاردێت ئەمەش تا ڕادەیەک چالاک نییە

و پڕ بە پێست نییە، چونکە مەرج نییە هەموو (یاریکەر) یّک یاری زان بێت. بەهەمان شێوەش بۆ پاشگرەکانیتریش (دزەیی: 58:2009).

**10- بەسیاسیکردنی زمان و زاراوە :**

زاراوە زۆر کەس خۆی بەخاوەنی دەزانێ و کاری لەسەر دەکات، زمانەوانان، پسپۆران، دەزگاکانی راگەیاندن، پیشەوەران، پیاوانی ئاینی ...هتد. دەبێ پێش هەموو شت بزانین دانانی زاراوە لەم هەرێمەی ئێمە بە سیاسی کراوە لە هەر زۆنێک زاراوەی تایبەت بەخۆی هەیە ئەم دیاردەیە لەسەر دەستی راگەیاندنەکان لەدایک بوو. لە شەڕی ناوخۆوە زاراوەکان جیابوونەوە و ترازان تا ئێستا چەندین زاراوەی هاوواتا دروستبوون کە هەڵگری سێبەری پارت و لایەنەکانە وەک : قوتابی، خوێندکار، فێرخواز، ژن، ئافرەت، لق، مەڵبەند، مەکۆ، باژێڕوان، بازنە، ....هتد.

کاری دانانی زاراوە بەشێکە لە ئاسایشی نەتەوەیی و نیشتیمانی چارەسەرنەکردنی گرفتەکان لاوازی زمانەکە وەیا دابەشبوونی زمانەکە دێنێتە ئاراوە، بۆیە پێویستە ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی خۆیان بەخەمخۆری نەتەوەکەیان دەزانن، با لێنەگەڕێن چیتر زمانی کوردی لەوە پەرتربێت، چیتر زاراوەی سەقەت و نابووت بێتە ناو زمانەکەوە. دانانی زاراوە کارێکی هەرەوەزییە لە نێوان پسپۆرانی زانست و زمانەوانەکان، پێویستە بەیەکەوە سنوورێک بۆ ئەم دیاردەی شەڕە زاراوەیە دابنێن.

**4- چارەسەری گرفتەکانی دانانی زاراوەی یاسایی:**

گرفتی زاراوەکانی زمانی کوردی لەگشت بوارەکاندا ئەگەر هەبێت ئەوا لە بواری یاساییدا زیاتر و قورسترە، چونکە بابەتێکی هەستیارە و چارەنووسی پێ بەستراوەتەوە، لەم تەوەرەدا باس لە گرفت و رێگاچارەی گرفتەکان دەکەین :

1- زۆرێک لەو سەرچاوانەی کە توشی گرفتمان دەکەن ئەوا وەرگیراون لە رۆشنبیری ئیسلامی وەک : وصية، وارث، ميراث، زكاة،حجة،شاهد...هتد. کە چەمکی ئیسلامی تایبەتن، رێگا چارەی گونجاو ئەوەیە کە بە شێوەیەکی کاتی ئەو زاراوانە خۆماڵی بکرێن، ئەگەر زاراوەی پێویست بەرامبەریان نەدۆزرایەوە لەوانەش : ئەم زاراوانەی باسمانکرد بینە : (وەسیەت، وارس، میرات، زەکات، حوجە، شایەت).

2- بەشێکی زۆری زاراوەکان پێناسە کراون پێویستە ئەم زاراوە پێناسەکراوانە چەمکێکیان بۆ دابرێژرێت تاکو جێگای مەبەست بگرێتەوە، بۆ نموونە زاراوەی (التولية) وشەیەکی کوردی نادۆزرێتەوە

بۆ ئەوەی هەمان چەمکەکەی بگەیەنێت کە بریتییە لە (فرۆشتنی شتێک بەهەمان ئەو نرخەی کە پێی کڕیوە لە بنەڕەتدا)، لێرەدا کاری زمانەوان و پسپۆڕانی یاساییە کە زاراوەی گونجاو بۆ ئەم چەمکانە بدۆزنەوە.

3- گرفتێکیتر لەوەدایە زۆر لەو زاراوانەی کە کراونەتە کوردی نەڕۆیشتوون، وەیا سستن و بەکارهێنانیان کەمە و گرفت لەبەر دەمیاندایە بۆ نموونە: بەکارهێنانی (گەواهیدەر) لە بری (شاهد)، نەڕۆیشت لەبەر گرفتی جوانکاری وەیا نزیکی لە وشەی تابۆ و قەدەغەکراوەکان، بۆ چارەسەری ئەمە زاراوەکە خۆماڵی کراوە و زاراوەکە مردووە.

4- زۆر لە زاراوەکان شان بەشانی یەکتر دەڕۆن هێشتا جێگای خۆیان بە تەواوەتی نەکردۆتەوە، لەوانەش زاراوەکانی : (متهم: تۆمەتبار)، (مخالفة: سەرپێچی)، (ادلة: بەڵگە)،(انذار: هۆشیارکردنەوە)، (قرار:بڕیار)، (واجب: پێویست)، (مدنی: سڤیل) (مسؤولیة: بەرپرسیاریەتی)، (اتفاقیة: رێککەوتن)، (ادانة: سەرکۆنەکردن)، (مجرم: تاوانبار)، (وثیقة: بەڵگەنامە)، (قضیة: کێشە)....هتد. دەبێت دەزگا فەرمییەکانی حکومەت و راگەیاندنەکان هەوڵبدەن زیاتر زاراوە کوردیەکان بەکاربێنن تا زیاتر چالاکبێت و بچەسپێت.

5- کاری پێویست بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانی زاراوە یاساییەکان و زاراوەکانیتر ئەوەیە لێژنەی دانانی زاراوەکان لە کۆڕی زانیاری کارابکرێت بە بەشداری کارای زانایانی زمانەوانی و ئاینی و یاسایی و پسپۆڕانی تر زاراوەی کوردی پێویست بۆ زاراوە کێشەدارەکان بدۆزنەوە دوور لە هەست و سۆز و فشار تا بتواندرێت بواری یاسا خاوەن فەرهەنگی زاراوەی خۆی بێت، چونکە هەروەک دەبینین کاری تاک لایەنە سوودی نابێت بۆ دانانی زاراوە و لە ئاست پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکاندا نین.

6- رەچاونەکردنی لایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جوانکاری هۆکارێکیتر بۆ نەڕۆیشتنی زاراوە، هەروەک دەزانین دانانی زاراوە هەر دارشتن و داتاشینی زاراوە نیە بەڵکو دەبێت زاراوەکە سوک و ئاسانبێت لەسەر زار و کۆتی دەروونی و کۆمەڵایەتی و جوانکاری نەبەزێنێ ئەگینا زاراوەکە لەگەڵ لەدایکبوونیدا دەمرێت و کەس سوودی لێنابینێت بۆ نموونە زاراوەی (هاوبەشیکردن) بۆ (شرکە) نەرۆیشت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەڕەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7- هەوڵبدرێت وشەی پەتی جوان لە زارەکانی زمانی کوردی هەڵبژێردرێت بۆ زۆر چەمکی یاسایی، چونکە ئەو وشانە چالاک و زیندوون و زوو جێگای خۆیان گرتووە لە زمان بۆ نموونە لە بری (جنح: کەتن) زوو جێگای خۆی گرت.

## ئەنجـــــــــام:

1- تا ئێستا وەک پێویست زاراوەی کوردی لە بواری یاساییدا بەدیناکرێت، و تا ئێستاش زاراوەی عەرەبی لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان کاری پێدەکرێت، بۆیە بەکوردیکردنی زاراوەکان ئەرکێکی نیشتیمانی پیرۆزە.

2- هۆکارەکانی سستی زاراوە لە بواری یاساییدا دەگەڕێتەوە بۆ سستی دەزگاکانی تایبەت بە داڕشتن و دانانی زاراوە، کە ئەرکی کۆڕی زانیارییە دوای سی ساڵ لە حوکمڕانی کورد زاراوەی تایبەتی نەبێت بۆ بوارەجیاجیاکان لەوانەش بواری یاسایی.

3- گرفت هەیە بۆ داڕشتنی زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا ئەوەیە کە زاراوەی یاسایی دەبێت دووربێت لە لێڵی و تەمومژ، چونکە زاراوەکان پێویستیان بە پێناسە و روونکردنەوەیە.

4- رێگاکانی داڕشتن و لێکدان رێگای باون بۆ داڕشتنی زاراوە بەگشتی و زاراوەی یاسایی لە زمانی کوردیدا، بۆیە لەپاڵ ئەمەشدا رێگای وەرگرتن واتە بەخۆماڵیکردن بە رێگایەکی گونجاو دەزانم بۆ چارەسەری کاتی دانانی ئەو زاراوانەی کە چەمکێکی تایبەتیان هەیە لەبواری یاساییدا.

5- گرفتەکانی داڕشتنی زاراوەی یاسایی زۆرن چونکە بابەتێکی هەستیارن و دەبێت زاراوەی یاسایی لێکدانەوەی تری بۆنەکرێت، گرفتە هەرە گەورەکە ئەوەیە ناتواندرێت پێناسەیەک لە وشەیەکدا کۆبکەینەوە، بۆیە ئەرکی زمانەوان و یاساناسان و زانایانی ئایینیە بەهاوکاری یەکتر چەمکێکی گونجاو بدۆزنەوە بۆ زاراوە یاساییە کێشەدارەکان.

## سەرچاوەکان :

أ- بە کوردی :

1- باڵدار، ئیبراهیم ئەمین (1986) زاراوە و زمان لە کاروانی زانیاری ئیمڕۆدا، گۆڤاری رۆشنبیری نوێ، ژمارە (112)، بەغدا.

2- دزەیی، عەبدولواحد مشیر(2009) کاریگەری دەروونی لە بواری راگەیاندندا، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر.

3- سۆزان سەعدوڵا عەبدولغەنی (2019) وەرگرتن و بەکارهێنانی زاراوە لە ئاخاوتن و نوسیندا، نامەی دکتۆرا، بەشی کوردی، کۆلیژی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

4- شەهاب شێخ تەیب تاهیر (2012)، بنەماو پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

5- عەزیز، یۆئێل یوسف، ئەلواسیتی سەلمان، ئەلنەجم عەبدولوەهاب (1984) وەرگێڕانی ئەدەبی، وەرگێڕانی، غازی فاتح وەیس، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

6- کامل حەسەن بەسیر (1979) زاراوەی کوردی، لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

7- نەبەز، جەمال (1960)، هەندێ زاراوەی زانستی، چاپخانەی کامەران، سلێمانی.

8- وەسمان،محەمەد (2004) گیروگرفتەکانی زاراوەدانان لە زمانی کوردیدا، هەولێر.

ب- بە عەرەبی :

1- حجازی، محمد فهمی (1993) الاسس اللغوية لعلم المصطلح، مكتبة غريب، القاهرة.

2- الديداوی،محمد (2005) منهاج المترجم، المركز الثقافی العربی، الدار البيضاء،ط/1 .

3- ساجر،ج.س (1996) الصطلحية والمعجم التقني"، ت. محمد حسن عبد العزيز، فی مجلة " اللسان العربي"، العدد 42 .

4- القاسمی، علی (2004) علم اللغة وصناعة المعجم، بيروت: مكتبة لبنان.

5- القحطانی،سعد بن هادی(2002)، التعريب و نظرية التخطيط اللغوی، بيروت.

6- مرياتی، محمد (2004) " المصطلح فی مجتمع المعلومات: أهميته وإدارته " من بحوث المؤتمر الثالث لمجمع اللغة العربية بدمشق، أكتوبر/ تشرين الأول.

7- مطلوب، أحمد (2002) فی المصطلح النقدي، المجمع العلمي، بغداد.

ج- بە ئینگلیزی:

1. H.Felber Standardization of Terminology Vienna (1985)
2. H. Felber (1984) Manual of Terminology (Wein: INFOTERM)

د-پێگەی ئەنتەرنێت:

دیاکۆ هاشمی:

http://www.yageyziman.com/zarawesazi_3_Wergirtin.htm
http://www.yageyziman.com/zarawesazi_5_Datashin.htm
http://www.yageyziman.com/zarawesazi_8_Pewane.htm
http://www.alukah.net/web/khedr/0/51050/#ixzz4TI4YMAIA

ه- ئەو سەرچاوانەی نموونەم لێوەرگرتوون :

-نوری تاڵەبانی (2006) فەرهەنگی قانوونی (عەرەبی- کوردی- فەرەنسی- ئینگلیزی)، پێداچوونەوەی مامۆستا ئەحمەد هەردی، چاپی دووەم، سلێمانی.

## Translating the Legal Terms in to Kurdish: Problem and Solution

**Abdulwahid Musheer Mahmood**
Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Abdulwahud.mahmood@su.edu.krd

**Awat Ahmed Muhamed Salih**
Department of Kurdish, College of Languages, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Awat.m.salih@su.edu.krd

**Khabat Hadi Jameel**
Department of Kurdish, College of Education and Languages, Lebanese French University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
xabat.jameel@lfu.edu.krd

***Keywords:*** *Term, Terminology Compounding, Derivation, Metaphor Coinage, Calque, Law term.*

## Abstract

Terminology is the science that investigates the relationship between the scientific concepts and the linguistic expressions. The title of this paper is (Translating the legal terms in to Kurdish: Problem and Solution). This work points out that translating terms into Kurdish has an important nationalistic and patriotic significance. Additionally, it has a crucial role for strengthening the status of the government, social relationships, policy, and united language. Thus, it's a national and patriotic duty.

The aim of this work is translating the legal terms into Kurdish with the issues that arise and furthermore, it elaborates the issues that arise amidst translating the terms.

It’s hypothesized that problems will arise when composing the legal terms. The work clarifies the problems and suggests solutions for composing or deriving them.
This work is answering the questions: What are the factors of linguistically weak legal terms? Are there problems when composing legal terms in Kurdish language? How do the problems of composing legal terms in Kurdish language can be resolved?
This paper is consisted of two sections besides the introduction and the conclusion: The first section is specialized to terminology and composing terms in Kurdish. The second section is dedicated to setting legal terms, its problems and solutions, consisting of these headings: Composing terms in Kurdish language, The basic beliefs of composing terms, the problems of composing terms, the solutions of composing legal terms. And, the conclusion with abstract in Arabic and English Languages.

## تكريد المصطلحات القانونية - المعوقات والحلول

**ملخص**
علم المصطلح هو العلم الذي يبحث عن العلاقة بين المفهوم العلمي والتعبيرات اللغوية.وهو يسلط الضوء على أهمية ترجمة المصطلحات الوطنية والقومية ودورها في تقوية موقع الحكومة والعلاقات الاجتماعية والسياسية وتكوين اللغة الموحدة؛ ولهذا يعد هذا الأمر وأجبا وطنيا وقوميا.
يهدف هذا البحث إلى تكريد المصطلحات القانونية ومعوقاتها. ويفترض البحث أن ثمة عراقيل امام صياغة المصطلحات.
وقد كتب البحث للإجابة عن الأسئلة الآتية: ما هي أسباب ضعف المصطلحات القانونية ؟ هل هناك معوقات أمام صياغة المصطلحات القانونية في اللغة الكوردية؟ كيف يمكن معالجة مشكلة صياغة المصطلح القانوني؟
يتكون البحث - ماعدا المقدمة والنتائج- من مبحثين يتناول المبحث الأول المصطلح وصياغته. أما المبحث الثاني فهو يتطرق إلى وضع المصطلحات في اللغة الكوردية و الآراء الأساسية في وضع المصطلحات ومشاكلها، هذا فضلا عن ذكر معالجة معوقات وضع المصطلحات القانونية.
وأخيرا عرض الباحثون النتائج التي توصلوا إليها مع ملخص البحث باللغتين العربية والإنجليزية.